

# شوێن و کەسایەتی لە سیناریۆدا

تەنیا کەیم




**کەسایەتی لە سیناریۆدا:**

گەر بتەوێ لەسەر کەسایەتیەکی ناودار سیناریۆیەک بنووسی پێویستە چەندین بەڵگە و کتێب بخوێنیتەوە، پشت بە چەندین بابەتی بینراو، بیستراو، ببەستی بۆ ئەوەی باری دەروونی کەسایەتیەکە بەتەواوی بەرجەستە بێت و بەگوێرەی چیرۆکەکە جوانی روخسار و باڵا و ڕەنگ و شێوازی ڕۆیشتن و جۆری هەڵسوکەوتی و تەمەن و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی هۆشیاری کەسایەتیەکە دیاری بکەیت و پەیوەندی ئەو کەسایەتیە لەگەڵ کەسایەتیەکانی تری ناو چیرۆکەکە کەزۆر گرنگە بیان گونجێنی، لەهەمانکاتدا دەبێ گشت کەسایەتیەکان لەخزمەتی (کەسایەتی سەرەکی)دابن وچیرۆکەکەش بەهەمان شێوە لەخزمەتی دابێ و لەباگراوەندی کەسایەتیەکە هەڵقوڵا بێت. واتە (واقیعی-بەسەرهات-گێڕانەوە) لەخۆ بگرێت و ڕێکخستنی دەق (سەرەتا-ناوەڕاست-کۆتایی) تێدا دیاری بکرێت و ڕووداوەکانیش بەپێی بابەتی چیرۆکەکە ڕێکبخرێن ئینجا دەتوانی سیناریۆ لەسەر کەسایەتیەک بنووسی.. (خانزادی سۆران- ساندرێلا- عومەرموختار و گیڤارا و لینین و هیتلەر)، نموونەی چەند کەسایەتییەکێن.

**شوێن لە سیناریۆدا:**

شوێن (location) ئەو جێگایەیە کە چیرۆکەکەی تێدا دروست دەکرێت. سەرەتا دەبێت خوێندنەوەیەک بۆ شوێنەکە لەڕووی جوگرافیا و ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندی کەسایەتیەکانی شوێنەکە، هەروەها رووداو و ململانێ و کێشەی چیرۆکەکە بەپێی ئەو شوێنە دیاری بکرێت.. ئەگەر هاتوو چیرۆکەکەت لەناو (پاس)ێک دابوو دەبێ بەر لە هەموو شتێک لێکۆڵینەوەیەکت لەبەردەستدا بێت لەسەر شێوازی کەسایەتیەکانی ناوپاسەکە و چۆنیەتی دانیشتنیان و هەڵسوکەوتیان، هەروەها باری دەروونیان، پاشان جۆری (پاس)ەکە و ژمارەی کورسیەکان و ئەو شوێنەی کە لێی هاتووە و پێیدا دەڕوات و بەرەو کوێ دەچێت و چۆنیەتی شێوازی دایەلۆگەکان لەڕووی ریتمەوە دیاری بکرێت، دایەلۆگەکانیش تایبەت بن







به دەستنیشـــانکردنی شوێنەکە. بەم جۆرە چیرۆکەکەت لەخزمەتی (شوێن)دا دەبێ.

نمونەیەکیتـــر ئەگـــەر بابەتەکەت باســـی شـــوێنێکی ترســـناک یان ئەفســـوناوی کرد ئەو کاتـــە دەبێ کار لەســـەر ووردەکاری ئەو شـــوێنە بکرێت و ســـەرەتای بابەتەکە بەفراوانی شـــوینەکە دیاری بکات، پاشـــان کون و کەلەبەری شـــوێنەکە شـــیبکاتەوە و شوێنی (رووداو-بڕیاردان-ئەنجام) روون بکرێتەوە و جوڵەکان لەسەرخۆ و لەناکاوبن بۆ ئەوەی (سەرەتایەکی دیار و ناوەراستێکی گوماناوی و کۆتایەکی روونکردنەوە) دەربخات بەم شـــێوەیە ســـیناریۆکەت سەرکەوتوو دەبێ.

لێـــرەدا دەتوانی نموونەی هەندێ شـــوێن تاقی بکەیتەوە، وەکو (لێواری دەریایەک-پەرستگایەک-شوینێکی پیرۆز-ناو شەمەندەفەرێک-حەسارێکی گەورە- قەڵایەکی کۆن-دیوەخانێک..هتد) ئیدی سەرەتایەک بۆ نووسینی سیناریۆ لەسەر (شوێن) لەلات گەڵاڵە دەبێ، ململانێ و کێشـــە دەبێتە چەمکی ســـیناریۆکەت بەڵام گرنگ ئەوەیە کە چۆنیان رێک دەخەیت کە چێژ لەلای بینەر و خوێنەر دروست بکات.



# کاری دەرهێنان لەسینەمادا

سەفەر عەلی

باشترین و کورتترین پێناسەی دەرهێنانی سینەمایی واتا ( (گێڕانەوەی چیرۆکێکە بەهۆی وێنەوە))، وەک دەگوترێ کەئەکتەر کۆڵەگەی کاری شانۆییە، نووسەریش کۆڵەگەی تەلەفزیۆنە، گومانی تێدانیە دەرهێنەر بنەمای سەرەکی سینەما پێکدەهێنێت، دەرهێنەری شانۆیی دیمەنێک دەخاتەڕوو کەپێکهاتەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئازادی لێوردبوونەوە لەئەکتەر بۆ بینەر جێدێڵێت لەچوارچێوەی پێکهاتە دیاریکراوەکەدا، بەڵام دەرهێنەری سینەمایی ئەو ئازادیە بۆ خۆی قۆرخ دەکات تاوەکو بزانێت کەبینەر چاوەڕوانی چ کارێکی دەرهێنەر دەکات بەپێی ئەو گرتەیەی کەخۆی بڕیاری لەسەر دەدات، لێرەشدا لایەنێکی ململانێکە دەردەکەوێت، یان سیمایەک لەسیماکانی کەسایەتی دەردەکەوێت، لەلایەکی دیکەوە هەندێ لەدەرهێنەرانی سینەما کەسانی ئاساییان هێنا کەمەشق و پرۆڤەیان نەکردبوو یاخوود سینەمایان بەشێوەیەکی ئەکادیمی نەخوێندبوو کاری ئەکتەرییان پێ کردن، توانیان بیان کەن بەئەستێرەی هونەری. هەندێ لەدەرهێنەران ئاستی دیالۆگیان لە فیلمەکانیان کەم کردەوە، چونکە زیاتر بایەخیان بەدیمەن و گرتەکاندا.

لەبەراییدا باس لەفۆڕمی سەرەکی سینەما دەکەین لەسەردەمی سینەمای بێدەنگ کەچیرۆکەکانی ئەو کات بەوێنە باسیان لێوەدەکرا سەرەتا لەئەمریکا و فەڕەنسا و روسیا و ئەڵمانیا دەستی پێکرد، کەهونەرمەندە پێشەنگە مەزنەکانی سینەما رۆڵیان تێدا هەبوو، وەک (گریفس)و (شاپلن)و (ئابیل گانس)و (ئایزنشتاین)و چەندانی دیکە، بەڵام کەدەنگ هاتە نێو پیشەسازی سینەما لەساڵی ١٩٢٧، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیکی هاوێنەی وێنەگرتن و تواناکانی مۆنتاژ و میکساژ و، لەگەڵ گۆڕانی رەنگی رەشو سپی بۆ رەنگاورەنگ، فراوانبوونی شاشە و پەیدابوونی شاشەی (سکۆپ)، سیستەمی دەنگ بوو بەسیستەمی (Dolby) پاشان بەکارهێنانی فێڵە هونەریەکانی کۆمپیوتەر رۆڵی دەرهێنەر زیاتر بوو، کەتیمێکی شارەزایانی کەوتە بەردەست تابەڕێوەیان ببات، جگە لەبەهرە ئەفراندنەکەی خودی خۆی، دەبێت دەرهێنەری سینەما کاری بەڕێوەبردن و رێکخەری تواناکانی ئەو هونەرمەندانە بێ کەبەڕێوەیان دەبات هەر بۆیەش لەم بارەوە (ئۆرسن ویلز)ی گەورە هونەرمەندی سینەما دەڵێت ( (دەبێت کامێرا، چاوی شاعیر بێت، چونکە دەرهێنانی سینەما هەر تەنها بەڕێوەبردنی ئەکتەرەکان نیە، بەڵکو تێڕوانینێکی پڕاو پڕە لەچۆنیەتی گێڕانەوەی بابەتێکی دیاریکراو بەشێوازێکی زۆر نمونەیی، تانمایش بکرێت و کاریگەری رۆمانسیانە و ئەقڵیانەی هەبێت)).

ئەم کارە بڕوا بوونی بەدەقی سیناریۆی فیلم گەرەکە، هەروەها هاوکاری و تێگەیشتن و هاوکۆک بوونی لەگەڵ بەڕێوەبەری وێنەگرتن پێویستە، جگە لەگەڵ مۆنتێر، چونکە ئەمە هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی یاخود

# هونەرەکانی فیلمسازی

نسکۆهێنانی فیلمە، پیشەسازی سینەما زیاتر رووی لەئاڵۆزی کرد، بەتایبەت لە (هۆلیۆد) کە بەکاریگەرییەکانی خۆی جیهانی مۆنۆپۆل کرد، تەنانەت بەرهەڵستکاری (سینەمای سەربەخۆی) دەکرد، زۆر حاڵەت هەیە بەرهەمهێنەری سینەما رۆڵی سەرکردایەتی گرنگ دەبینێ، کەدەرهێنەر بەکاردەخا و رۆڵەکان دابەش دەکات و هەروەها لەوانەشە سەرپەرشتی مۆنتاژیش بکات، لەگەڵ سەرهەڵدانی (نازیزم) لەئەڵمانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی، زۆر لەدەرهێنەران لەئەڵمانیا رایان کرد و چوونە نەمسا و ئەمریکا وەک هونەرمەندان (فریتز لانگ)و (ولیام وایلەر)و (بیلی وایلدەر)، کاریگەری زۆریان کردە سەر گەشەسەندنی سینەمای ئەمریکی ئەمە بەر لەپەیدابوونی ناوە دیارەکانی دەرهێنانی سینەمایی بوو وەک (ئەکیرا کیرۆساوا)ی ژاپۆنی و (ساتیا جیت رای) هیندی و (فیکتۆریۆ دیسیکا)و (فیسکۆنتی) و (رۆزی و فیللینیو پازۆلینیو ئەنتۆنیۆنی) کەئەمانە ئیتاڵی بوون، (لویس بۆنوێل)ی ئەسپانی و (هیتشکۆک)و (دیڤیدلین)و (جۆزیف لۆزی) (ڕیتشارد ئەتنبێرە)ی بەریتانی و هەروەها (رینوار و کلێر و کارنیە و گۆدار و شابرۆڵ و رینیە، ترۆڤۆ)ی فەرەنسی، (بوندارتشۆک) و (تارکۆفسکی) و (کوزنیتسیف)ی روسی، (بێرگمان)ی سوێدی و (فایدا)ی پۆڵەندی، جگە لەسەدان دەرهێنەری سینەمای ئەمریکی، بەڵام بەشێکی زۆری نەوەی دووەمی کاریگەر بەرۆشنبیری ئیتاڵی، دوای ئەوەی پێشەنگە بەراییەکانی دەرهێنان سەر بەکەلتوری ئەڵمانی بوون. ئەم نەوەی دووەمەی هونەرمەندانی دەرهێنەر کەبەڕەچەڵەک ئیتاڵی بوون چەندین گەورە دەرهێنەری وەک (برتۆلۆشی)و (زیفرلی) و (سکۆرسیزی)و (کۆپۆلا)یە کەئیزافەیان خستەسەر ئافراندنەکانی هونەرمەندانی ئەمریکی وەک (جۆن فۆرد)و (جۆن هیۆستن)و (فرێد زینمان)و (کاڕۆڵ رید)و (ئیلیا کازان)و چەندانی دیکە.

بوارێکی دیکە گەشەسەندنی تەکنیکی سینەمایی پەیوەستە بەپەیدابوونی سینەمای رەنگاورەنگ، فیلمە کۆنەکان رەشو سپی بوون، بەڵام رەنگکردنی هەندێ لەو فیلمانە زۆر لەگەورە هونەرمەندانی زویر کرد وەک (جیمس ستیوارت) چونکە لە پرۆسەی رەنگکردنەکەدا، رەنگەکان کاڵ بوونەوەو رەنگە زاڵ بووەکە زیاتر رەنگی پرتەقاڵی






بەربڵاوبووە لەفیلمەکاندا، لەبارەی رەنگ لەسینەماوە (ئایزنشتاین)ی دەرهێنەر دەڵێت ((رەنگ بەهای هونەری و ئیستاتیکی هەیەو جگە لەئاماژە فەلسەفی و هونەریەکان)). زۆر لەدەرهێنەران لەسەردەمی ئێستادا فیلمەکانیان بەرەش و سپی وێنەگرتووە، وەک فیلمی (جوانەگای سەرشێت) کەلەدەرهێنانی (مارتن سکۆرسیزیە) و پاڵەوانیەتی (رۆبەرت دی نیرۆ)یە هەروەها (ستیڤن سبێلبێرگ) فیلمی (لیستی شلیندەر)ی بەرەش و سپی بەرهەمهێناوە. پیشەسازی سینەما هەر لەسەردەمی (گریفس)ەوە پشتی بەفێڵی سینەمایی بەستووە، کەدەرهێنەران بۆ زیاتر سەرنجراکێشانی بینەر بەکاریان هێناوە خەڵکی پسپۆریش هەبووە کەئەم فێڵە سینەماییانەی ئەنجام داوە، فێڵە سینەماییەکان شان بەشانی گەشەسەندنی تەکنیکی سینەمایی گەشەی سەندووە زیاتر لەفیلمەکانی خەیاڵی زانستی و کارەسات و فیلمە مێژووییەکان بەکارهاتووە، کەبووە بەشێکی سەرەکی کاری سینەمایی، وەک لەسێ بەشەکەی فیلمی (شای ئەنگوستیلەکان) دەبینرێت کەلەدەرهێنانی (پیتەر جاکسۆن)ە هەروەها لەفیلمەکانی (جیمس بۆند) یاخود فیلمی (جەنگی ئەستێرەکان)ی جۆرج لۆکاس یان (جیهانی نادیار) بەکارهاتووە، یەکێ لەو ئەدیبانەی کەسینەمای خەیاڵی زانستی سودیان لێوەرگرتووە، (ویلز)بووە کەچەندین رۆمانی وەک (ئامێری زەمەن)و (خواردنی خواوەند) کراوەتە فیلمی سینەمایی، کۆمپانیای دیزنی زۆر فیلمی خەیاڵی منداڵانی بەرهەمهێناوە وەک فیلمەکانی (پیتەر بان)و (بینۆکیۆ) و (سەندرێللا)، ئێستا تەکنیکی کۆمپیوتەر بۆتە بەشێکی جیانەکراوەی

# هونەرەکانی فیلمسازی






دەرهێنانی سینەمایی، بۆ نمونە لەفیلمی (فۆرست گەمپ) کەلەسەرەتای سالآنی نەوەتەکان بەرهەم هاتووە پاڵەوانەکەی (تۆم هانکس)ە، کەسانی وەک (جۆن کەنەدی)و (ریتشـــارد نیکسۆن) دەبینێ و تەوقەیان لەگەڵ دەکات، کەدوو ســـەردەمی جیاوازە، ئەم تەکنیکە ســـینەماییە لەفیلمی (لەســـەر هێڵی ئاگـــر) بەکارهاتـــووە هەروەها لەفیلمەکانی (ماســـک) کەئەکتـــەری کۆمیدی (جیـــم کاری) رۆڵی تێدا دەبینـــێ ئەوا ئەوپەڕی تەکنیکی ســـینەمای و فێڵی ســـینەمایی بەکارهاتووە کەلەهەندێ فیلمدا ئەکتەرەکانـــی واقیعی و خەیاڵی تێکەڵ کراون، کەفیلمی ئەنیمەیشـــن و فیلمی دیکە تێکەڵ بەیەک کراون، بەڵام لەفیلمەکانی ئەکشن و فیلمەکانی کارەســـات و رووداوەکان و فیلمی ترس و تۆقاندن تەکنیکی سینەمایی و فێڵەکان بەشـــێوەیەکی بەرفراوان بەکارهاتوون، بەڵام لەزۆر لەفیلمەکاندا دەســـتکردنی مرۆیی زیاتر بایەخی پێدراوە لەرۆڵی تەکنۆلۆژیا کەگرنگی بیرۆکە و بابەت لەگەڵ ســـتاتیکای گوزارشـــتکردن ئاوێتەی یەکتر کراون لەکاری چارەسەری ســـینەماییدا. زۆر فیلم هەیە زۆر خەرجی تێنەچووە یاخـــود تەکنیکی بـــەرزی تێدابەکارنەهاتووە بـــەڵام زیاتر بایەخ بەرۆڵی ئەکتەرو دەرهێنەر دراوە تیایدا.

*** سوود لەکتێبی (ذكريات السينما)ی چاپی ٢٠٠٥، وەرگیراوە.**




# RANDY THOM
# گوێبیستی چییە..؟

دیدار: براینت فرازێر
و. لەئینگلیزیەوە: پەروین خدر ئیبراهیم

**(فرازێر) دیزاینەری دەنگی فیلمی سینەماییە، دوازدە جار کارەکانی پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار و جارێکیان لەساڵی ١٩٨٣ لەفیلمی (Right Stuff) خەڵاتەکەی وەدەست هێناوە، ئەم دیالۆگەش لەسەر پێکهێنانی دەنگە بۆ وێنەی دینامیکی و جووڵاو، بەتایبەت ئەو خاڵ و زانیاریانەی کەبەڕێوبەرانی دەنگ درکیان پێ نەکردووە.**

***چۆن بوویتە دیزاینەری دەنگ؟**

– یەکەم جار فیلمێکم بەناوی «جەنگی ئەستێرەکان» چاو پێکەوت و هاندەرم بوو بۆ ئەم پیشە و هونەرە، بەم فیلمە کرۆمۆسۆمی کەسانێکی زۆر گۆڕدران، ئەمە منیشی هاندا تا دەنگ و کارتێکەری دەنگی لەفیلمدا بەسەرکەمەوە، دواتر (واڵتەر مووچ)ی دەرهێنەر پەیوەندی پێوەکردم، بەدرێژایی رۆژێک لایان دانیشتم و لەئاوێزان بوونی دەنگ بەوێنەی فیلمێکیاندا دەمڕوانی، ئەمەش لەستۆدیۆ و ستریۆی تایبەت بە (American Graff) بوو، لەکۆتاییدا واڵتەر .پێی گوتم تێبینیەکانی خۆم سەبارەت بەو دیمەن و کارانەی بینیومە لەسەر دیزاینی دەنگ بنوسمەوە، لەدوای سێ ساڵ ئەوجا زانیم کەتەنیا کەسێک بووم داوام لێ کرابێ لەو بارەوە وتار بنووسم، هەر بۆیە واڵتەر سەرسام بوو بەتێبینیەکانم و لە (Apocalypse Now) کاری بۆ دۆزیمەوە، ئەمەش یەکەمین دەروازەی چوونم بوو بۆ قوتابخانەی فیلمسازی، نیوەی کاتەکەم بۆ تۆمارکردنی دەنگ و نیوەکەی تری بۆ بەراوردکردنی بوو بەدیمەنەکان..




***ئەم کارە وەک چی وابوو..؟**

– تاقیکردنەوەیەکی مەزن بوو، بابەتێ بوو بۆ فیلم بەرهەمهێنان و هەوڵمان لەگەڵ دەدا، هەندێک لەوانەی کارم لەگەڵ دەکردن فانتازیانە دەکارین..

# هونەرەکانی فیلمسازی




*** کاتێ فیلمەکە بەوێنەی جووڵاو وەک خام دێتە بەردەستت، چی دەکەیت..؟**

– لەفیلمی ئەکشن و هەروەها لەفیلمی سەرکێشیدا تۆ پێویستە بەدەنگ مانای وێنەکان بگەیەنیت، لەکاتی ئامادەکردندا دەنگی شیاو لەبەرانبەر گرتەی گونجاو دادەنرێت، ئەکشنی زیندوو زیاتر دەجوڵێتەوە لەچاو فیلمی وێنەیی ئاساییدا، ئەمەش بەکۆمپیوتەر و چاپ و وێنەی خاوێن و ئامادەکردنی دەنگ بۆیان ئەنجام دەدرێت، ئەندێشەش رۆڵی خۆی هەیە، پێویستە دەنگەکان لەواقیعی دیمەنەوە نزیک بن نەک کارتۆنی، دوابەدوای دانانی دەنگەکان پێویستە دیزاینەر وێنەکان لاببات و بزانێ هەر بەبیستنی دەنگەکان هەمان شت دەخاتە بەرچاوی بینەران.

*** کەواتە تۆ هەوڵدەدەیت ئەو کەرەستانەی پەیوەستن بەبیستن بەرهەم بهێنی..؟**




– چوار فیلمی ئەم دواییەی کارم تێدا کردون فیلمی جووڵاو بوون، جار هەبووە لەناو سەد دەنگی کاریگەردا تەنیا یەک دەنگم هەڵبژاردووە ئەویش ریتمی لەگەڵ وێنە جووڵاوەکەدا گونجاو بووە، گونجاویشی لەوەدا بووە سۆزی دەوروبەری جووڵاندووە، بۆیە مامەڵەکردنی دەنگ لەئەکشنەکاندا پێویستی بەحەماس و سۆزە ئەوجا کەرەسەی تەکنیکی..

*** بەرێوەبەری دەنگ لەکاتی تاوتوێ کردنی کارەکانیدا چ بەربەستێکی دێتەرێ؟**

– گەر بەتەواوی بیر لەدەنگ نەکەنەوە، هەڵە لەو کولتوورو رۆتینەی ژیانی کۆمەڵگەکەیە ئایا ریتمی ژیان خێرایە یان خاو، گرنگ ئەوەیە هەموو سەرچاوەکانی سەر شاشە هەڵوەستەی هۆشیارانەی دەوێ و سەرەتا دەبێ چاوێکی تیژو وردبینت هەبێ، بەڵام هەندێ لەبەرێوەبەران دەنگ کاریان تێ دەکات بەهەمان ئەو کارتێکردنەی کەئەکتەرەکان پێی کاریگەر دەبن، بۆیە زۆر خەریکی شیکارکردنی دەنگەکە نابن لەچالاکیەکەدا، گرنگتر ئەوەیە گوێگر لەیەک کاتدا پەنجا دەنگی گوێ لێ نەبێ وەک خەڵک ترساندن و گوللە هاویشتن و تەقینەوەو مۆسیقاو ..هتد، پێویستە بەرێوەبەرەکە بەهارمۆنیاو بەیەکسانی بەرێوەیان بەرێت تا روون و ئاشکرایان بکات بۆ گوێگر، بۆ نموونە گەر بتەوێ گرنگی بەجووڵەی ئەکتەرێ یان ماشێنێ بدەی دەنگی بۆ بەرزدەکەیتەوەو هاوکات دەنگ لەسەر ئەکتەرانی تر یان شتەکانی تر نزم دەکەیتەوە، جاریش هەیە ئاوازو میلۆدی کارەکتەر دەگۆرێت، باشترە هونەریانە ئەمە بکەی تاگوێگر کارتێکراوبێ و لەیەک کاتدا گوێی لەهەموو شتێ بێ، دواتر کەشیبکاتەوە هەموو گۆرانی چرکەکانی جووڵەو دیمەنەکان جیادەکرێنەوە، کارکردن بەدەنگی قەرەباڵغی و زۆر بەرز رەنگە ئاکامی پێچەوانەی هەبێ و بێزارکەربێ، چونکە هەر بەرێوەبەرێکی دەنگ گەر ٣٥٠ دەنگ لەیەک کاتدا بەکاربهێنێ ئەوا گوێگر تەنیا گوێ لەژاوەژاو دەگرێ و بەس.

*** کارکردنت لەگەڵ (رۆبەرت زیمسکی) چۆنە؟**

– بەرلەوەی دەست بەکار بکات زۆر بیر دەکاتەوە لەوەی دەنگ چۆن بەکاربێنێ، هەر گرتەو مۆسیقاو دەنگی تایبەت بەخۆی دادەنێ نەک تەنیا دەنگێ یان میلۆدیە بۆ هەموو فیلمەکە، دەنگ لەگەڵ دیمەنەکە ئاوێزان دەبێ و کاریگەری خۆی دەردەخات، لەزۆربەی دیمەنەکاندا بیر لەوە دەکاتەوە کارەکتەر گوێی لەچی دەبێ تائەوە بخاتە بەر گوێی بینەر، هەندێ جار واپێویست دەکات دەنگێ بەتەنیا ئەکتەرەکە گوێی لێ بێ نەک بینەر، لەسەرەتای هەفتاکان تا هەشتاکانیش سەردەمی زێرینی دەنگ بوو.

*** نموونەت هەیە بۆ ئەو سەردەمە؟**

– لەسەرەتای هەشتاکان بەرێوەبەرانی ئەو کات بیرو خەیاڵ و توانایان چرو پر بەرهەمتر بوو وەک لەئێستا، لەشەستەکان ئەکتەرەکان خۆیان دەنگەکانیان تۆمار دەکرد، بەڵام دواتر شاکاری هونەری وەک دەرهێنەران (Depalmq) Coppola، Lucas، Scorses تۆمارکران.

**سەرچاوە: گۆڤاری Film & Video**